# پێغەمبەر نوح: ئارامی و توڕەیی خودا

پەیدابوون ٦

لە ووردبوونەوەمان لە نووسراوە پیرۆزەکاندا، بینیمان کە لە سەرەتادا، کاتێ خودا جیهانی درووست کرد، هەموو شتێك باش بوو. بەڵام، کاتێ باپیرە گەورەمان ئادەم قسەی خودای شکاند، خراپەکاری لە ڕێگای ئەوەوە هاتە ناو جیهان و بۆ هەموو مرۆڤ بڵاو بووەوە. بەڕاستی، پەندی پێشینان ڕاستی ووت کە: (دەرد وبەڵا بۆ هەموو کەس بڵاودەبێتەوە). لە وانەی ڕابردووماندا، دەربارەی هەردوو خێزان یاخود بەرە کە لە ئادەم بووەوە فێربووین، نەوەی قابیل و نەوەی شیت. نەوەی قابیل باوەڕیان بە خودا نەبوو. بەڵام، لەنێوان نەوەی شیت دا باوەڕدار بە ووشەی خودا هەبوو، ولە ئەنجامدا، خودا لە گوناهەکانیان خۆش بوو. یەکێك لەو نەوەی شیت ناوی ئەخنۆخ بوو. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ئەو خەڵکی لە کاتی ئەخنۆخ دەژیان بەدوای شەیتان کەوتبون لە ژیانی ناپاکی، بەڵام ئەخنۆخ بە پیرۆزی لەگەڵ خودا دەڕۆیشت.

ئێستا دەربارەی پیاوێکی تر فێردەبین کە لە چەرخێکی بەدڕەوشت و چەوتدا لەگەڵ خودا ڕۆیشت. ئەم کەسەش پێغەمبەر نوحە، نەوەی گەورەی ئەخنۆخ. تا ئێستا زانیمان کە پێشتر خەڵك زۆرتر دەژیان لەوەی ئێستا. دەزانی کێ زۆرترین تەمەنی هەبووە لە هەموو جیهان؟ ئەوەش متوشالح بوو، کوڕی ئەخنۆخ. تا تەمەنی (٩٦٩) ساڵی ژیا. متوشالح باوکی لامش بوو کە ئەویش باوکی نوح بوو. ئەم لامشە، کە باوکی نوحە، جیاوازە لەو لامشەی نەوەی قابیل، کە لە وانەی ڕابردوودا باسمان کرد. نوح دەیەم نەوە بوو لە پاش ئادەم. کاتێ تەمەنی نوح بووە (٥٠٠) پێنج سەد ساڵ، بوو بە باوکی سام و حام و یافەت.

ئەوەی ئەمڕۆ پلانمان وایە بیخوێنین سەبارەت بە نوح زۆر گرنگە بۆمان، لەبەر ئەوەی ڕۆژگاری نوح بەم ڕۆژگارەی ئێستامان دەچوو. لە کاتی نوح، جیهان پڕ بوو لە گوناە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. (پەیدابوون ٦: ٥) دڵی نەوەکانی ئادەم پڕ بوو لە بیر و بۆچوونی خراپ، تەماح، سووکایەتی، چاو لە دوابوون، بوختان، لە خۆباییەتی، ناکۆکی، شەڕ، داوێن پیسی، دزی، کوشتن و نەزانی (لەسەر بنەمانی مەرقۆس ٧: ٢١، ٢٢). مرۆڤ جیهانیان تێك دەدا کە خودا بۆیانی درووست کردبوو. زۆر خەڵك ئاینیان هەبوو بەڵام ئاینی سەختە بوو. خودای ئەوان خۆشی جەستەیان بوو و گوناهیان بەردەوام لە زیادبوون بوو!

با بزانین نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ لە تەورات، لە سیپارەی پەیدابوون، بەشی شەشەم: (پەیدابوون ٦) [3] ئینجا پەروەردگار فەرمووی: (ڕۆحی من تاسەر لەناو مرۆڤدا لە ململانێ نابێت، هەر بۆیە ڕۆژانی ژیانی ئەو لەشە دەبێتە سەد و بیست ساڵ.) [5] خوداوەند بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. [6] خوداوەند خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروست کردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو. [7] ئینجا خوداوەند فەرمووی: (مرۆڤەکان دەسڕمەوە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دروستم کرد، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆك و باڵندەی ئاسمان، چونکە خەفەت دەخۆم لەوەی کە دروستم کردوون.)

بەو شێوەیە دەبینین چۆن خودا مەبەستی سڕینەوەی نەوەکانی ئادەم بوو لە زەوی لەبەر خراپەکارییان. بەڵام، هەروەها دەبینین چۆن خودا، بە بەزەیی خۆی، نیازی وابوو ئارام بگرێ بۆ (١٢٠) سەد و بیست ساڵی تر لەگەڵ گوناهباران بۆ ئەوەی کاتیان بداتێ تۆبە بکەن و نەفەوتێن. هەرچۆنێك بێت، کاتێ ئەو ماوەیە تەواو بوو، ئەوا خودا دادوەری هەموو ئەوانە دەکات کە تۆبەیان نەکرد و ڕێگای ڕاستودرووستی ئەویان ڕەت کردەوە.

شتێك هەیە سەبارەت بە کارەکتەری خودا کە دەکرێ فێری بین، لەو سنووورە (١٢٠) ساڵییە. کە ئەمەیە: خودا زۆر ئارامگرە، بەڵام ئارامییەکەی سنووری هەیە! کۆشش و قسە لەگەڵ مرۆڤ دەکات تاکو تۆبە بکات، بەڵام تاهەتا نا. لەبەر ئەوە لە کاتی نوح، خودا فەرمویێ، (ڕۆحی من تاسەر لەناو مرۆڤدا لە ململانێ نابێت، هەر بۆیە ڕۆژانی ژیانی ئەو لەشە دەبێتە سەد و بیست ساڵ.) لەبەر ئەوە

دەبینین چۆن خودا پلانی دانابوو ئارام گر بێت لەگەڵ گوناهباران بۆ ماوەیەك و پاشان دادوەرییان بکات ئەگەر بێت و تۆبە نەکەن. ئالێرەدا، دەکرێ دوو کاراکتەری خودا لەمەیا ببینین: ئارام گرتنی و تورەیی. خودا باشە و دەتوانێ زۆر ئارامگر بێت، بەڵام هەروەها ڕاستودرووستە و دەتوانێ زۆر تورە بێت!

هەندێك پێیان وایە خودا بە دارێکی گەورەوە لەسەر سەریان ڕاوەستاوە، وەك بڵێی کە خودا زوو تورە دەبێ و لەزەت لە لێدان و ئەزیتدانی خەڵك بکات. بەڵام خودا ئاوا نییە. هەندێکی تر پێیان وایە خودا هەرگیز تورە نابێ و گوناهی خەڵك بە جددی وەرناگرێ. هەموو ئەوەی بیزانن ئەوەیە کە (خودا باشە ! خودا باشە !). بەڵام خودا بەو شێوەیەش نییە.

نووسراوە پیرۆزەکان ڕاستیمان پێ دەڵێت سەبارەت بە کاراکتەری خودا. خودا باش و ڕاستودرووستە ! دەتوانێ ئارامگر بێت و تورەش بێت. چاکی و بەزەیی خودایە کە ئارام لەگەڵ گوناهباران دەگرێت، بەڵام ڕاستودرووستی و پیرۆزی ئەو هۆی ئەوەیە کە تورە دەبێت لەگەڵ گوناهەکانیان. خودا ڕزگاری دەر و دادوەرە. پێغەمبەران زۆر شتیان دەربارەی ئارامی و تورەیی خودا نووسیوە. با گوێ بگرین لە هەندێ لە وشەکانیان. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: [8] بەڵام خۆشەویستان تەنها ئەم شتەتان لەیاد نەچێت، ڕۆژێك لای خوداوەند وەک هەزار ساڵە و هەزار ساڵیش وەک ڕۆژێکە. [9] خوداوەند سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن. [10] بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەک دز دێت، تیایدا بە دەنگێکی بەرز ئاسمان نامێنێت، بە سووتان توخمەکان لەناودەچن، زەوی و ئەو کارانەی تیای دایە نامێنێت. (٢ پەترۆس ٣: ٨-١٠ ) خوداوەند حوکم بەسەر گەلی خۆی دەدات. کەوتنە ناو دەستی خودای زیندوو ترسناکە.... ئاگاداربن قسەکەرەکە ڕەت مەکەنەوە.... چونکە خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە. (عیبرانیەکان ١٠: ٣٠، ٣١ و ١٢: ٢٥، ٢٩)

لە زەبوورەکان دەخوێنینەوە: خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە، هەموو ڕۆژێکیش تووڕە دەبێت. ئەگەر کابرایەک نەگەڕێتەوە. (زەبوورەکان ٧: ١١، ١٢)

هەروەها لە ئنجیل نووسراوە: چونکە تووڕەیی خودا لە ئاسمانەوە ئاشکرا دەکرێت، دژی هەموو خوانەناسی و ناڕەوایی خەڵک، ئەوانەی بە ناڕەوایی ڕاستی دادەپۆشن.... بەڵام دەزانین حوکمی خودا ڕاستە بەسەر ئەوانەی ئەم شتانە دەکەن. کەواتە ئەی ئەو مرۆڤەی ئەوانە حوکم دەدەیت کە ئەم شتانە دەکەن و خۆشت هەمان شت دەکەیت، وا دەزانیت لە حوکمی خودا دەرباز دەبیت؟ یان گاڵتەت بە دەوڵەمەندی نیانی و ئۆقرەگرتن و پشوودرێژییەکەی دێت؟ نازانیت نیانی خودا بەرەو تۆبەکردنت دەبات؟ تۆش لەبەر توندی و دڵی تۆبەنە کردووت، لە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشکراکردنی حوکمی دادپەروەرانەی خودا، تووڕەیی بۆ خۆت دادەکەیت، ئەوەی پاداشتی هەر یەکێک بەگوێرەی کردارەکانی دەداتەوە. (ڕۆما ١: ١٨ ، ٢: ٣-٦)

تورەیی خودا وەك تورەیی مرۆڤ نییە. مرۆڤ دەتوانێ زۆر تورە بێت، بەڵام تورەییەکەی هێواش هێواش کەم دەبێتەوە تا وای لێ دێت تەنانەت هۆی تورەبوونەکەی لەبیر بچێتەوە. تورەبوونی خودا ئاوا نییە ! بەسەرچوونی کات واناکات تورەبوونی خودا کەم بێتەوە. خودا دادوەرێکی ڕاستودرووستە و هیچ شتێکی لەبیر ناچێتەوە ! تورەبوونەکەی کەم نابێتەوە بەرامبەر ئەوانەی تۆبە کردن ڕەت دەکەنەوە، بەڵکو زیاد دەکات ! ئەمەش ئەویە کە تازە خوێندمانەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان: تۆش لەبەر توندی و دڵی تۆبەنە کردووت، لە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشکراکردنی حوکمی دادپەروەرانەی خودا، تووڕەیی بۆ خۆت دادەکەیت، ئەوەی پاداشتی هەر یەکێک بەگوێرەی کردارەکانی دەداتەوە.

ئەو خەڵکەی لە کاتی نوح دەژیان تورە بوونی خودایان بۆ خۆیان (کۆ دەکردەوە)! بەڵام، یەك پیاو لەو کاتەدا هەبوو کە خودای پڕ بەدڵ خۆش دەویست، و باوەڕی بە وشەی دەکرد. ئەو پیاوەش نوح بوو. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: بەڵام نوح لەبەرچاوی خوداوەند ڕەزامەندی بەدەست هێنابوو. نوح پیاوێکی سەر ڕاست و بێ گلەیی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو. نوح لەگەڵ خودا هاتوچۆی دەکرد. (پەیدابوون ٦: ٨، ٩)

بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح نیشاندا؟ ئایا نوح شایەنی ئەو نیعمەتە بوو؟ نەخێرا! نیعمەتێك ئەگەر بە شایەن وەربگیری نیعمەت نییە. نیعمەت مانای (کردارێکی بێ بەرامبەر) باشە بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح بەخشی نەك ئەوانەی تر؟ نووسراوە پیرۆزەکان چی دەڵێن دەربارەی ئەوە؟ پێمان دەڵێت کە نوح باوەڕی بە خودا هەبوو، لە کاتێکدا ئەوانەی تر باوەڕیان نەبوو. نوح باوەڕی بە ووشەی خودا هەبوو. ئەو باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هەبوو سەبارەت بەو ڕزگاری دەرەی کە دەهاتە جیهانەوە بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. هەروەك هەموو نەوەکانی ئادەم، نوحیش گوناهی هەبوو، بەڵام خودا نوحی وەك کەسێکی ڕاستودرووست ژمارد لەبەر ئەوەی باوەڕی بە خودا هەبوو و خوێنی قوربانیێکی پێشکەش کرد بۆ گوناهەکەی، هەروەك خودا ڕایسپاردووە. بۆیە، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: نوح پیاوێکی سەر ڕاست و بێ گلەیی نێو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو. نوح لەگەڵ خودا هاتوچۆی دەکرد.

ڕۆژێك خودا بە نوحی فەرموو: (پەیدابوون ٦) ١٣ ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: (من کۆتایی بە بوونی هەموو ئادەمیزاد دەهێنم، چونکە بە هۆی ئەوانەوە زەوی پڕ بووە لە توندوتیژی. ئەوەتا لەگەڵ زەویدا لەناویان دەبەم. ١٤ کەشتییەک بۆ خۆت لە داری زەل دروست بکە، کەشتییەکە بکە لانە و بە قیر دیوی ناوەوە و دەرەوەی سواخ بدە. ١٥ ئاواش دروستی دەکەیت: سێ سەد قۆڵ درێژیی کەشتییەکە بێت و پەنجا قۆڵ پانی بێت و سی قۆڵیش بەرزی بێت. ١٦ پەنجەرەیەکیش بۆ کەشتییەکە دەکەیت و تا ئەندازەی قۆڵێک لەسەرەوە تەواوی دەکەیت. دەرگای کەشتییەکەش لە تەنیشتەوە دادەنێیت. کەشتییەکە دەکەیتە سێ نهۆم، خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوە. ١٧ ئەوەتا من ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنم، بۆ لەناوبردنی هەموو ژیانێک لە ژێر ئاسماندا، هەروەها هەموو زیندەوەرێک کە هەناسەی ژیانی تێدایە. هەرچییەک لەسەر زەوییە لەناو دەچێت. ١٨ بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆ دەچەسپێنم. تۆ دەچیتە ناو کەشتییەکەوە، خۆت و کوڕەکانت و ژنەکەت و بووکەکانیشت لەگەڵت. ١٩ لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، نێر و مێ، جووتێک لەگەڵ خۆت دەهێنیتە ناو کەشتییەکەوە، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویی. ٢١ تۆش بۆ خۆت هەر خۆراکێک کە دەبێت بخورێت ببە و لەلای خۆت کۆی بکەوە تاکو بۆ خۆت و بۆ ئەوان ببێتە خواردەمەنی.)

بەو شێوەیە خودا بە نوحی فەرموو چۆن پلانی وایە ئاوی لافاو بێنێتە سەر زەوی بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە لەناو بەرێ کە تۆبەکردن و باوەڕ بەڕاستی هێنانیان ڕەت کردەوە. خودا بە نوحی فەرموو کە کەشتیێکی گەورە بنیات بکات بۆ ئەوەی لە لافاوەکە ڕزگاری بێت. درێژی کەشتییەکە دەبوایە (١٥٠) مەتر درێژ بێت، هەند و نیوێکی یاریگاییێکی تۆپی پێ. ئەو کەشتیە دەبووە پەناگەیێك بۆ نوح و خێزانەکەی و زۆر لە ئاژەڵان و هەرکەسێکی تر کە باوەڕ بە ووشەی خودا هەبێ. خودا فەرمانی بە نوح دا کە کۆمەڵە ژوورێك درووست بکات لەناو کەشتییەکە، بەڵام تەنها یەك دەرگا لە دەرەوەی کەشتییەکە. بۆیە، پەیامی خودا بۆ خەڵکی ئەو کاتەی نوح ئەمە بوو: هەرکەسێك کە ئاواتی وابێ لە دادوەری لافاوەکە هەڵ بێت دەبێت لە تەنها دەرگای کەشتییەکە بچێتە ژوورەوە. هەموو کەسێك کەلە دەرگای کەشتییەکە ئاودیو بێت ئەوا ڕزگاری دەبێت، و ئەوانەی لەو دەرگایە ئاودیو نەبن ئەوا دەفەوتێن!

ئیتر نوح دەستی کرد بە درووستکردنی کەشتییەکە، کردارێکی مەزن بوو. نوح و هەر سێ کوڕەکەی دەبوایە سەدان وسەدان داری گەورە ببڕنەوە، و بیکەن بە تەختە، ڕێکی خەن و بزمار ڕێژی کەن و بە زفت لە دیوی ژوورەوە و دەرەوە دایپۆشن. هەروەها خێزانی نوح و خێزانی کوڕەکانی لەو ئیشە قورسەدا یارمەتییان دەدا. بۆ ماوەی (١٠٠) ساڵ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، نوح و خێزانەکەی ئیشیان لە درووستکرنی کەشتییەکە دەکرد. بەڵام نوح کاری خۆی بەتەنها نەبەستیبووەوە بە درووستکردنی کەشتییەکە. ئەو هەروەها ئامۆژگاری خەڵکی ئەو کاتەی دەکرد. ڕەنگە شتێکی ئاوای ووتبێ: (گوێ بگرن! پەروەردگار پێمی فەرمووە ئاگادارتان بکەمەوە لە تورەیی خودا! تورەیی خودا دەکوڵێ لەبەر گوناهباری ئێوە! خودا بڕیاری داوە لافاوێك هەڵكا بەسەر زەویدا بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی تۆبە ڕەت دەکەنەوە لەناو بەرێ. بەڵام مزگێنی خۆشتان بدەمێ! خودا، بە بەزەیی خۆی، فەرمانی پێ داوم کەشتییەك درووست بکەم کە ببێتە پەناگەیێك بۆ هەر کەسێك کە تۆبە بکات لە گوناهەکانی و باوەڕ بە ووشەی خودا بهێنێ!) بەم جۆرە نوح بە ووشەی زۆر خەڵکی ئاگادار کردەوە، و داوای لێ کردن پشت لە خراپەی نەوە گەندڵەکەیان بکەن.

ئەی تۆ چی دەڵێی؟  ئایا خەڵکی چەرخی نوح باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کە لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ڕایگەیاند؟  بۆ وانەی داهاتوو، بەردەوام دەبین لە چیرۆکی پێغەمبەر نوح و دەبینین چۆن خودا هەموو ئەوانەی پاراست کە باوەڕیان بە ووشەی هەبوو، و چۆن دادوەری ئەوانەی کە باوەڕیان پێ نەبوو کرد، و وای کرد کە لە ئاوی لافاوە گەورەکە بخنکێن.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ بیر لەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە لە نووسراوە پیرۆزەکان دەکەیت:  خوداوەند سەبارەت بە بەڵێنەکەی خاو نییە، وەک هەندێک بە خاوی دەزانن، بەڵام لەگەڵمان پشوو درێژە، نایەوێت کەس لەناوبچێت، بەڵکو هەموو بۆ تۆبەکردن بێن.  بەڵام ڕۆژی خوداوەند وەک دز دێت.  (٢ پەترۆس ٣: ٩-١٠)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. دەزانی کێ زۆرترین تەمەنی هەبووە لە هەموو جیهان؟

٢. بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح نیشاندا؟

٣. ئایا نوح شایەنی ئەو نیعمەتە بوو؟

٤. نیعمەت مانای (کردارێکی بێ بەرامبەر)؟ بۆچی خودا نیعمەتی خۆی بە نوح بەخشی نەك ئەوانەی تر؟ نووسراوە پیرۆزەکان چی دەڵێن دەربارەی ئەوە؟

٥. ئەی تۆ چی دەڵێی؟

٦. ئایا خەڵکی چەرخی نوح باوەڕیان بە ووشەی خودا هێنا کە لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ڕایگەیاند؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013

Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com        www.rrdk.org